کتێبی ئەحمەدی

دانراوی: شێخ مارفی نۆدێ

١١٦٦-١٢٥٤ ه

مەحموود ئەحمەد موحەممەد

پێشەکی بۆ نوسیوەو ساغی کردۆتەوە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

چاپی سێ هەم
2011

منتدى إقرأ الثقافي

کتێبی ئەحمەدی

دانراوي: شێخ مارفي نۆدێ

١١٦٦-١٢٥٤ هـ

موحمود ئەحمەد موحەمەد

پێشەکی بۆ نوسیوەو ساغي کردۆتەوە



دانراوی: شێخ مارفی نۆدێ

موحەمووود ئەحمەد موحەممەد: پێشەکی بۆ نوسیوەو ساغی کردۆتەوە

چاپی: دووەم

تیراژ (٢٠٠٠) دانە.

ژمارەی سپاردن: (١٥٢٧ی ساڵی ٢٠١٠ی پێدراوە).

لەسەر ئەرکی کتێبخانەی ئارام لەسلێمانی چاپکراوە، مافی چاپکردنەوەی بۆ کتێبخانەی ناوبراوە.

ساڵی چاپ: ٢٠١٠ز - ١٤٣٠ ك.

چاپ: چاپخانەی ڕێ نوێ

پێشەکی

هەر لەو ڕۆژەوە کە ئیسلامەتی لەم کوردوستانەدا بڵاوبۆتەوە گەڵ کورد زۆر بەڕێك و پێکی ئەم ئایینە پاکەی وەرگرتووە، لەناخی دڵی دا جێگای بۆ کردۆتەوە بەهەموو جۆرو شێوەیەك پارێزگاری لێکردووە، چونکە یەکسانی و زانیاری و برایەتی و دادپەروەریی و چەندەها خوو ڕەوشتی تری جوانی تێدا بەدی کردووە.

بەهەمان دڵسۆزییەوە ڕوی کردۆتە خوێندن و ڕۆشنبیری و زانست، بۆیە بەهەزاران زانای بەناوبانگ و بێ وێنە لەم ناو شاخ و دۆڵانەدا پەیدا بووە، چەندەها هونەرمەند و شاعیرو بوێژی وەکوو (خانی و سەعدی و جامی و نالی و مەلای جەزیری)یان تێدایە. کە ئەمانە هەموویان تافی لاوی و کاتی گەنجی و دەمی پیاوەتی و چاخی پیریان بەخت کردووە لەڕێگای خوێندن و فێربوون دا، بۆیە تووانیویانە گەلێك پەرتوکی گەورەو

پەراوی بەنرخی جۆراو جۆر بنوسن لەسەریەکیان هەڵچنیون و کتێبخانەی خۆیان و جیهانیان لێ هاخنیون، چەند بەرهەمی نایاب و بێ وێنەیان لەناودایە، کە لەڕێگەی ئەمانەوە زادەی میشك و ئەندازەی بیر تیژی خۆیان بۆ جیهان ڕانواندووە. بەجۆرێك کە نمونەی بەرهەم و دانراویان بۆتە جێی سەر سوڕمانی گەلانی سەر ڕوی زەمین. سەدەهای وەکوو (ابن صلاح)و (ابن حاجب)ی شارەزوری و (ابن خلکان)و (ابن أثیر)و (ئەبو حەنیفە)ی دەینەوەری و (ئەبو مەسعودی)عەمادی و چەند ئەبو ئیبنی دیکەی وامان لێ پەیدا بووە کە ڕیزکردنی ناوەکانیان پێویستی بەچەند لیست و پەرتوك هەیە.

ئیمامی غەزالی فەرموویەتی: دینی ئیسلام لەسەر سێ کۆڵەکەو پایە وەستاوە ئەگەر خوا ئەو سێ کۆڵەکەی نەدابایە لەوانەبوو تێك بتەپێ ئەم سێ دیرەگە ئەستورانەش زاناو ڕۆشنبیرانی دینەوەری و شارەزوری و ئامێدی بوون[1].

---

[1] پێشەکی دیوانی مەلای جەزیری.

خۆ لەم چەرخانەش دا (هەر لەقەڵەم ڕەوی بابان دا) چەندی وەکوو «مەلا حەیدەریَ موکەبەبی» و «مەلا موساکانی شابادین و مەرۆ و ماوەتی» و «مەلا محمد ابن الحاج» و «مەلا عبدالله بێتوشی» و «شێخ بابە ڕەسوڵی بەرزەنجی» و «شێخ حەسەنی گڵەزەردە» و «شێخ عبدالقادری موهاجیر» و باوکو براکانی، هەروەها «شێخ عبدالله خەرپانی» و «شێخ عبداللطیف قەرەداغی» و «مەلا خدری نالی» و «مەولەوی» و «مەحوی» و «سالم» و «حاجی قادری کۆیی» و «سەیید ئەحمەدی فائیزی بەرزەنجی» و سەدان شاعیرو بۆێژو زاناو هونەرمەندی تری لێ پەیدابووە، کە بەئاسمانی زانست و ئەدەبەوە وەکوو ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشێنەوە هەرگیزاو هەرگیز ناکوژێنەوە. خۆ ئەگەر ڕۆژگار خوارو ژوری نەبوایە هەموو شتێك لەعاست خۆیەوە بەرەو پێش بچوبایە، دەبوایە یەکەم گەلێ کە پێ دەخاتە سەرمانگو هەوڵی پشکنینی ئەستێرە جۆر بەجۆرەکانی ئاسمان دەدا کورد بووایە چونکە لەکاتێکا

کە گەلانی ئەورووپای پێشکەوتوی ئەمڕۆ نەیان دەزانی خوێندنو نوسین چییە یان ئەگەر زانیبێتشیان هەر خوێندنێکی سەرەتایی بووەو بەس، لەبارەی بیرکردنەوەی فەلسەفیشەوە کە مەلا کوردەکان هەزار ساڵ بوو بەدەرس دەیان گوتەوە هێشتا ئەو گەلە ئەورووپاییانە لەبیری منداڵانە بەولاوە نەچوبوون.

لەڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین کوردوستان هەر لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە بووەتە زانکۆیەکی فرە لق و پۆپ دار لەهەر لا دۆڵێکو پەنا پاساریٚکو ئاقاریٚک چەند ماڵێک خڕبوبنەوە مزگەوتو خوێندنگایەکیان بۆ خۆیان پێکەوە ناوەو مەلاو دەرس بێژیان بۆ دیاریی کردووە بەبەرو بومو وەرزو حاسڵاتی خۆیان، ڕەنجی شانو ئارەقی ناو چاوانیان بەخێویان کردون، موچەو پێداویستییان بۆ دابین کردون، تەنانەت لە کوردوستانا زۆر کاتی وابووە ئەو خێڵانەی کە هاتوچۆی گەرمیانو کوێستانیان کردووە لەگەڵ خۆیانا خوارو ژوریان بەمەدرەسەو مەلاو فەقێ کردووە، شوێنی خوێندنو

خوێندنەوەیان لەژێر سابات و کەپرو دەواردا بۆ دابین کردون ئەم شێوە هاتو چۆیە تا چل ساڵێکیش لەمەوبەر هەر باو بووە ئێستاش پێرەکانمان زۆر لەوشێوە خوێندنەو هاتو چۆیەیان لەبەر چاوە دەنگو ئاوازی ئەو ڕۆژگارە پڕ شانازییەیان لەبن گوێ دا دەزرنگێتەوە.

بۆیە لە کوردوستان دا چەند بنەماڵەیەک پەیدا بووە کەهەمیشە خەریکی خوێندنو فێربونو عیلمو زانست بوون، ژیانو سامانی خۆیان لەم ڕێگایەدا بەخت کردووە. خانەوادەی بەرزنجیش یەکێکە لەو بنەماڵانەی کە بۆ ماوەی زیاد لەشەش سەدە ئاڵای عیلمو زانستی بەدەستەوە گرتووە، بۆتە کانو بنکەی زانینو خوواپەرستن، دەها زاناو ڕۆشنبیری وەکوو «شێخ بابە ڕەسوڵی بەرزنجی» و «شێخ عبدالکریم» و «شێخ عبدالرحیمی برای» و «شێخ حەسەنی گڵە زەردە» و «سەیید ئەحمەدی فائیزی» تێدا هەڵکەوتووە.

هەر لە ناو زانایانی ئەم خانەوادەیەدا زانایەکی بلیمەتی لێهاتوی تر سەری هەڵداوە چرایەکی

نەکوژاوەی پڕ شۆق و پڕشنگداری تر هاتۆتە کایەوە، ئەستێرەیەکی عیلم و زانستی دیکە لە ڕۆژگاری سێزدەهەمین میری بابانی دا دەرەوشاوەتەوە، زانایەک کە ژیانی پڕ بەرەکەتی خۆی بەخت کردووە لەڕێگای زانست و زانین دا، زیاد لە شەست ساڵ خەریکی دەرس وتنەوە و دانانی کتێب و لێکۆڵینەوە و هۆنینەوە بووە. ئەم زانایە «شێخ مافی نۆدێ»یە کە ئێستا ئێمە دەمانەوێ کتێبی ئەحمەدییەکەی چاپ بکەین.

جا بابزانین ئەم شێخ مارفە کێیە؟ لەچ پلەیەک دا بووە؟ کتێبەکانی داینا ون چین و لەچ باسێکدان؟ مامۆستا و فەقێکانی کێن و چۆن بوون؟ مەدرەسەکەی لەکوێ بووە و باری ڕۆشنبیری و زانستی چۆن بووە.

ناو براو ناوی (محمد)ە نازناوی شێخ مارفە کوڕی سەید (مصطفی)ی نۆدێیە. کە بە (کبریت الأحمر) ناسراوە، ئەم زاتە بە بنیچە دەچێتەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجی کە کاتی خۆی لەگەڵ برا گەورەکەیا (شێخ

موسی) هاتونه هەرێمی شارەزورو گوندی بەرزنجەیان ئاوەدان کردۆتەوە تێیدا جێنشین بوون.

شێخ مارفی ناوبراو لەسالّی (١١٦٦)ی کۆچی بەرامبەر (١٧٥٣)ی زایینی لەدێی نۆدێ (سەر بە ناوچەی شارباژێر کە کەوتۆتە رۆژهەلاّتی سولەیمانییەوە، بەچەند کیلۆمەترێك لێی دوورە)، هاتۆتە دونیاوە لە ڕۆژگارێکا کە سلێمان پاشای گەورە مەشهور بە (مقتول) میری قەلاّچوالان بووە، ئەم زاتە لەسەرەتاوە لەلای باوکی دەستی کردووە بەخوێندن هێندی کتێبە وردەکانی سەرف و نەحوی عارەبی لەلای ئەم خوێندوە تا گەیشتۆتە تەمەنێك کە توانیویەتی لەماڵ دورکەوێتەوە، جائەو کاتە باوکی لەگەلّیا چووە بۆ قەلاّچوالان لە خوێندنگا مەزنەکەی بابان دا جێی بۆ دابین کردووە لەلای مەلا (محمد)ی غەزائی ماوەتەوە تا گەیشتۆتە کتێبی (شرح المغنی) کە لەڕێزمانی عەرەبیدا یە. جا لەم کاتەدا واتە سالّی (١١٧٨)ی کۆچی سلێمان پاشای بابان (میری قەلاچوالان) لەماڵی خۆیا بەدەستی

فەقێیەکی کۆیی کەناوی ئیبراهیم بوو کوژرا. بۆچی و لەسەر چی؟ نازانین!. ئەم کارە ناشیرینە زۆر کاریگەر بوو لەدڵ و دەرونی قوتابی و دەرس بێژەکانی خوێندنگاکانی قەڵاچوالان بۆیە مەدرەسەکانی قەڵاچوالان چۆڵ کراون و فەقییەکان بلاوەیان لێ کردوە.

شێخ مارفیش کەلەتەمەنی دووازدە ساڵی دا بووە گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (نۆدێ) لای باوکی دەستی کردۆتەوە بەخوێندن. هەر لەوێ ماوەتەوە تا بیستویەتی کەزانای بەناوبانگ مەلا (محمد ابن الحاج) لەهەرێمی سەردەشتەوە هاتووە بۆ گوندی (هەزار میٚرد) جا لەدووای تەگبیرو ڕایەکی باوک و کوڕی ڕەئی هاتۆتە سەر ئەوە کەشێخ مارف بچێتە خوێندنگای (هەزار میٚرد) لەلای (ابن الحاج) بەهرەوەر ببێ.

ئیتر ئەمجارەش شێخ مارف خۆشبەختانە شوێنی خوێندنی دەست کەوتووە ماوەیەکی زۆر لەم خوێندنگایەدا خەریکی وەچنگ هێنانی زانین و زانست بووە، زۆر لەکتێب و زانستەکانی باوی ئەو ڕۆژگارەی

سەرەو ناو کردون. تا لەسالّی ١١٨٠ی کۆچی دا زاناو شاعیرو بەهرەوەری ڕۆژگار مەلا عەبدولّلای بێتوشی بەسەردان ڕێی دەکەوێتە خوێندنگای هەزار مێرد بۆ چاوپێکەوتنی مامۆستای (ابن الحاج) ماوەیەکیش لەوێ دەمێنێتەوە جا لەم ماوەدا لەسەر ڕەهنومایی (ابن الحاج) شێخ مارف سۆزی شیعرو چێژی ئەدەبو شێوەی جۆراو جۆری وشەسازی لەبێتوشی وەردەگرێ. هەر لەماوەیەکی کەمو کورتا هەموو شێوەی فەننی و ڕۆشنبیری هونەرو بەهرەی ڕەوانکای و گوزارەکاری و جوانکاری دەقۆزێتەوە شارەزایی تێدا پەیدا دەکا. بەجۆرێك کە بێتوشی خۆی هەستی بەتێگەیشتنی ئەم قوتابییە بلیمەتە کردووە زانیویەتی چ هەستێکی ناسك و چ بیرێکی تیژو چ زەوقێکی خۆشخوانی و بوێژی هەیە، بۆیە داوای لێ کردووە کە خەریکی دانانی شیعرو هۆنراوە بێ دەست لە ئەدەبو وێژە بدا. بەڵگەش بۆ ئەمە شێخ مارف بۆخۆی لەکۆتایی عەوامیلەکەی دا دەڵێ:

(ألفت بالتماس عبدالله لازال ذا فضيلة وجاه)

واتە: ئەم کتێبەم هۆنیەوە بەپێی فرمانی (عبدالله) یاخوا هەر پایەدار بێ بەو هەموو عیلمو فەزڵەوە.

لەدوای ساڵی ١١٨٢ی کۆچی شێخ مارف خوێندنگای هەزارمێردی بەجێ هێشتووە دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ خوێندنگای (قەڵاچوالان) سەر لەنوێ لە مەدرەسەی مەلا غەزایی دا گیرساوەتەوە. نوسراوێکیش نییە هۆی ئەو گەڕانەوەیمان بۆ ڕون بکاتەوە. بەڵام وەندە دەزانرێ کە شێخ مارف ئەمجارە ماوەتەوە تا بڕوانامە (الإجازه العلميه)ی لەمەلا (محمد)ی غەزایی وەرگرتووە لەساڵی ١١٨٥ی کۆچی، هەر لەم ماوەدا کتێبی (أنفس الفرائد في نظم العقائد)ی داناوە بە هۆنراوەیی وەکوو بۆخۆی دەڵێ:

وقائل عَنْ عام ختم يسأل فقلت نظمي كله مكمل

(١١٨٥ك)

دیاریشە تەمەنی لە نۆزدە ساڵ تێپەڕ نەبووە لەدوای ساڵی ١١٨٥ی کۆچی بۆجارێکی تر شێخ مارف گەڕاوەتەوە بۆ هەزار مێرد ماوەیەکی تر لەوێ لای مەلا (محمد)ی ئیبن ولحاج ماوەتەوە تا لە ساڵی ١١٨٦ی کۆچی دا جارێکی کە لەگەڵ مەلا عبدالله بێتوشی بەیەک گەیشتونەوە ئەم جارە بەتامەزرۆیەکی زۆرتر لەپێشەوە چاکی داوێنی لێهەڵکردووە یەخەی بەرنەداوە تا زۆر لەزانستی ئەدەبی لێوەرگرتووە. لەدوای ساڵی ١١٨٦ی کۆچی گەڕاوەتەوە بۆ دێی (نۆدێ) لەوێ دەستی کردووە بەدەرس گوتنەوەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو کتێب دانان، لەم ڕێگەوە ناوبانگی بڵاو بۆتەوە بە ناوچەی کوردوستان دا. لەدوای ساڵی ١١٩٠ی کۆچی گوندی نۆدێی بەجێ هێشتووەو هاتۆتە قەڵاچوالان بۆتە مودەریس لەیەکێ لەفێرگەکانی ئەم شارەدا.

لەدوای مردنی مەلا (محمد)ی غەزاییش کراوەتە سەرۆکی مودەریسەکانی فێرگای قەڵاچوالان ئەمیندارێتی کتێبخانەکەشی لەئەستۆ گرتووە. کە برایم

پاشا پایتەختی قەڵاچوالانی گواستەوە بۆ سلێمانی بەهەموو دارو دەستەو مەڵبەندو دائیرەیەکیەوە هەمان خوێندنگاو کتێبخانە لەمزگەوتی گەورە جێیان بۆدیاری کراوە هەر شێخ مارفیش بەسەریان ڕاگەیشتووە.

ئیتر ئەم فێرگەیە بەتەواوی پەرەی سەندووەو فراوان بووە لەهەموو لایەکی کوردوستانەوە قوتابی پۆل پۆلو دەستە دەستە ڕوویان تێکردووە بگرە زۆر لەمەلاو زاناکانی ئەو ڕۆژگارە بۆ بەرەکەت هاتونە لایو چەند دەرسێکیان بۆ بەرەکەت لەلا خوێندووە کەم وەختیش لەحەفتا قوتابی کەمتری لێبووە هەموشیان بەگوێرەی داب‌و نەریتی ئەمڕۆ قوتابی پلە بەرزەکانی خوێندن واتە (الدراسات العليا) بوون.

شێخ مارف بۆخۆی لەو کاغەزەیا کە بۆ والی بەغدای نوسیوە بەعەرەبی شێوەو ڕوخساری چۆنیەتی ئەم مەدرەسەیەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، دەڵێ:

(لەوکاتەوە پاشای عەجەم دەستی گرتووە بەسەر ئەم ولاتەدا بەتەواوی کارو باری ئایینی‌و دونیایی ئەم ولاتە

تێکچووە هیچ شتێك وەکوو خۆی نەماوە، پێش هاتنی ئەم داگیرکەرە بێگانانە دێو دێهات هەمووی ئاوەدان بۆ، ئەمڕۆ هەموویان چۆڵو وێرانن بایەقوشو پەپویان تێدا دەخوێنن، قوتابی هەموو پەرتەوازە بوونو وازیان لەخوێندن هێناوە، تاقمێکی کەمو لاواز نەبێ فەقێ هەرنابینی. کاتی خۆی تەنیا لە خوێندنگای ئێمەدا حەفتا قوتابی یا زیاتر هەبووە لەوانەی لە پلەی بەرزی خوێندن دا بوون بەڵام ئەمڕۆ لە مەدرەسەکەمانا کەمتر لە (١٠) قوتابی هەیە...هتد.).

شێخ مارفو شێوەو خوڕەوشتیو شوێن دەستی لەکۆمەڵ دا

لەم بارەوە شێخ بابە ڕەسوڵی بەرزنجی کەبە (سناء الدین) مەشهورەو قوتابی شێخ مارف بووەو ماوەیەکی زۆرییش لەگەڵیا بووە باشترین شێوەو شێوازو خوڕەوشتی ئەم زاتەمان دەخاتە پێشچاوو دەڵێ:

شێخ مارف پیاوێکی چوار شانەو سورو سپیو تێکسمڕاوی ڕاستو ڕەوانو دەستو بازو ئەستورو چاو گەورەو هەتا بڵێی قۆزو جوان چاك بووە. لەهەمان کاتا زۆر نیك نەفسو بێ فیزو سەخی تەبیعەتو قسەحەقو ڕاست گۆ بووە هەروەکوو چۆن پیاوێکی کۆمەڵایەتیو پێشەوایەکی ئەمینو خودا ناسێکی ڕاستو موسلیحێکی بێ وێنە بووە.

بۆیە هەمیشە بەچاوێکی پڕ ڕیزو نرخەوە لەلایەن پیاو ماقوڵانو میرەکانی بابانەوە سەیری کراوە. هەرچەندە ئەم میرانەی بابان لەناو خۆیان دا هەمیشە

نیزاع و ناخۆشییان بووە بەڵام لەعاست شێخ مارف دا هەموویان یەك لەدوای یەك ڕێزیان لێگرتووە پلەو پایەیەکی تایبەتی هاوشانی خۆیان بۆداناوە. هەر کاتێکیش هەستی بەکارێکی ناڕەوا کردبێ خێرا بە کاغەزێك یا ڕاسپاردەیەك دەرمانی کردووە.

خۆ وەنەبێ شێخ مارف هەر لەگەڵ میرەکانی بابان بەم ڕەفتارە ڕۆیشتبی یا هەر لای ئەوان ڕێزی لێنرابێ و بەس. بەڵکوو نەسیحەت و ئامۆژگاری ئەم زاتە لە گوێچکەی زۆر لەپاشاو میرەکانی جیهانی ئیسلامی ئەو ڕۆژگارەدا زرینگاوەتەوە کاغەزەکانی چاوو دڵی زۆریانی ڕون کردۆتەوە بەتایبەتی پاشاو میرەکانی بەغداو ئەستەمبوڵ و مەککەو مەدینەو میصرو موسڵ و چەند شوێنی تریش.

جا ئەم زانایە چونکە زانایەکی زمان پاراوو قەڵەم ڕەوان و هەست ناسك و پرسۆزو خەیاڵاوی و بیر تیژ بووە لەهەمان کاتیش دا شارەزای کون و قوژبنی زمانی عەرەبی بووە، لەهەموو شێوەو ئەدەب و بوێژی دا

پسپۆڕو لێهاتو بووه له جۆرەکانی خۆشخوانی (جوانکاری، ڕوانکاری، گوزارەکاری) دا شۆڕه سواریّکی بێوێنه بووه. توانیویەتی چەندەها پەڕاوی بەنرخی جۆراو جۆر پێشکەش بەگەلی ئیسلام بکا کە ژمارەیان لەپەنجا تێپەڕیوه. ئەم نوسراوانەی شێخی نۆدێی هەموو جۆرەکانی زانستو ئەدەبی باوی ئەو ڕۆژگارەی گرتۆتەوه وەك (نحو، صرف، منطق، بلاغة، فقه، اصولی فقه، حکمت، کلام، لاهوت، آداب و لغة) زۆریشیان هۆنراوەتو بەزوبانی عەرەبین کەمێکیشیان بەفارسی و دانەیی کێشیان بەعەرەبی و کوردییە لەژێر ناوی ئەحمەدی دا، کە ئێمە لەم نامیلکە دا دەی خەینە پێش چاوی خوێنەران.

ئەحمەدی و پێناسینێك و گرنگی

ئاشكرایە كە گەلانی جیهان زمانی عەرەبییان بەلاوە پیرۆزە لەبەئەوە كە زوبانی قورعانەو پێغەمبەر (د.خ) لەسەربێ بەم زمانە دوواوە وتە بەنرخەكانیشی هەر بەم زمانە گوتراون و نوسراون. هەروەكوو چۆن زمانی عەرەبی زمانێكی عالەمی و فراوان و ناسراوە. وەهەر كەسێكیش ئەم زمانەی نەزانیبێ لەجیهانی ئیسلام دا بەخوێندەواری ناتەواو لەقەڵەم دراوە جا بۆیە هەر لەكۆنەوە زۆر لەعلوم و زانستەكانی جیهانی ئیسلامی بەزمانی عەرەبی دانراون و نوسراون و لێكۆڵینەوەیان لەسەر كراوە.

لە كوردەواری ئێمەش دا نوسین بەكوردی باو نەبووە بەڵكو هەتا سەردەمی (نودێی) و دواتریش كەسێك ئەم رێگەیەی پەچاو كردبێ بۆتە جێگای. تانوتی خەڵك و لۆمەو سەر زەنشتییان... خۆ ئەگەر لەكۆنەوە تاك تاكە

ڕۆشنبیرو مەلای ڕوناکبیری وەکوو مەلای جەزیری و مەلا (محمد ابن الحاج)و مەولانا خالیدو مەلا (محمد)ی سیوچی، هاتبن دیوانێکی شیعر یا نامیلکەیەکی پەخشانی کوردییان نوسیبێ ئەوە ئەوندە کەم و کوڕو نادیار بووە نەیتوانیوە داب و نەریتی ئەو ڕۆژگارە بشکێنێ و ڕێگا خۆش بکا بۆ ڕۆشنبیرانی کورد کە بەزمانی زگماکی خۆیان بنوسن هەروەکوو چۆن بەگوڵێکیش بەهار نایەو تاقە سواره تۆزی نییە ... هەر لەم ڕووەوە بووە کە شێخ مارف نوسراوەکانی زوربەیان بەعەرەبین و تەنها ئەحمەدییەکەی نەبێ کە بەعەرەبی و کوردییە ... جا ئەگەر گەلی کورد سوپاس و ستایشی خۆی پێشکەش بکا بەمەلای جەزیری و نالی و مەولانا خالیدو ئەوانەی کە بەکوردی نوسینیان داهێناوە پێویستە شێخ مارف لەم کۆمەڵ هەڵ نەهاوێرێ و لەم ڕیزەدا شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ چونکە لەکاتێکدا کە نوسینە کوردییەکانی مەلای جزیری یا نالی یا مەولانا خالید ڕێگەی بەکوردی نوسینیان کردۆتەوە

هـەر یەکـەیان دیاردەیـەکی مەشـخەڵ دارو نمونەیـەکی تایبـەتی و بناغـەی کـەلتوری کـوردین ئەحمەدییەکـەی ئـەمیش شـەقڵێکی تایبـەتی و چـێژێکی نـوێی هەیـەو هـەنگاوێکی جیـاوازی لەمەیـدانی پۆشـنبیری کـوردی دا هـەڵێناوە، هەرچـەندە لەوانەیـە مەبەسـتی شـێخ مـارف لەدانانی ئەحمەدی دا ئەوە بوبێ کە منداڵی کورد فێری زوبـانی عـەرەبی بکـا، بەئاسـانی هێنـدی وشـەو ڕسـتەی لێفێربببێ. بەڵام لەهەمان کاتا ئەو نرخەشی دەدرێتێ کە کـۆنترین شـێوەی وشـە نوسـینی کـوردی بـەدیالێکتی کرمـانجی خـوارو ناوچـەی سـولەیمانی پیشـان دەدا. بەڵکوو هێندێ وشەی ڕەسەنی کوردی ئەو ڕۆژگارەی بۆ هەڵگرتوین کە ئەگەر ئـەم ئەحمەدییـە نەبوایـە لەوانـە بـوو بفەوتانایە.

شایانی باسە کەلە پێش شێخ مارف دا چەند کەسێك ئـەم ڕێگـەیان تـاقی کردۆتـەوە کۆمـەڵێ وشـەی عـەرەبییان وەرگێڕاوە بۆسـەر زوبـانی خۆیـان. لەمانـە ئـەبو نەصـری فەراهی لە (نصاب الصبیان)ەکەیداو ئەحمـەدی خانی لـە

(نەوبەهارە)کەی دا. کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی تایبەتی وشەی عەرەبییان وەرگێڕاوە. ئەویان بۆسەر زوبانی فارسی و ئەمیان بۆسەر زوبانی کوردی بادینانی. بەڵام ئەحمەدییەکەی شێخ مارف زۆر لەوان جیاوازە چونکە ئەم کتێبە تام و چێژێکی تری هەبوو، شێوەو شێوازێکی تایبەتی دیکەی گرتووە، بەرگ و لیباسێکی تری بەبەردا کراوە چونکە لەدانانیا جۆرێکی ئاسان و ڕێك و پێك و سەرنج ڕاکێش بەرچاو گیراوە، لەسەر (مقامی) گۆرانی و ڕەقص و هەڵپەڕکێ دانراوە کەمندا زوو ڕمودەی دەبێ و دەیکاتە بەری. ئێمە بۆخۆمان چەند جار دیومانە کە مەلاو فەقێ هەڵپەڕکەو زەماوەندیان دەگێڕاو لەجیاتی گۆرانی و دەهۆڵ و زورنا (ڕاس سەرەو عین چاوە)کەی شێخ مافیان دەگوت. شایەو داوەتەکەیان پێ گەرم دەکرد، جگە لەمەش شێخ مارف وشەی عەرەبی وای هەڵبژاردووە کە هەمیشە لە گفت و گۆو ئاخاوتن دا ئەم وشانە بەکاردەهێنرێن و پێویستی هەمیشەیین.

چۆنیەتی لێکۆڵینەوە

ئێمە بۆ ساغ کردنەوەی تێکستی ئەم نامیلکەیە پەنامان بردۆتە بەر چوار نوسخەی دەست نوس و بڕواپێکراو. هەرچەندە ئێمە بەگوێرەی توانا هەوڵمان داوە تا کۆمەڵێکی زۆرمان لەدەست نوسی ئەم کتێبە وەچنگ هێناوە، بەڵام پاش بەراورد کردن و تاو تۆیکردنی دەستنوسەکان چوار نوسخەمان لێهەڵبژاردون و کردومانن بە بناغەی لێکۆڵینەوەکەو ئەوانی ترمان (لەبەر بێ جیاوازی) پاش گوێ خستون، ئەم چوار نوسخانەش ئەمانەن:

١. نوسخەی مەلا خالیدی سوفی، پێش نوێژو خوتبە خوێنی مزگەوتی (دارۆغا) لە سولەیمانی ئەم نوسخەیە پێک هاتووە لە (١٩) لاپەڕەی قەوارە (٢٢×١٦سم)ی لە هەر لاپەڕەیەکیشا (١٣) دێڕ نوسراوە. مێژوی نوسینەوەکەشی (٢٩)ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (١٣٠٠)ی کۆچییە (محمد سعید)

ناوێك بەخەتێكی خۆش و لەسەر شێوەی (املای) كوردی كۆن نوسیویەتییەوە. بۆ ئەم نوسخەیە ڕەمزی (خد)مان ڕەچاو كردووە.

٢. نوسخەی كتێبخانەی ئەوقافی مەركەزی سلێمانی ئەمیش بەخەتێكی خۆش نوسراوەتەوە لە)٢٣) لاپەڕەی قەوارە (١٦×١٠سم)ی دا بەپێنوسی ئەیبوب زێباری یەم بۆ مەلا (محمد شریف) كە بە (ڕەنكەرزانی) ناوبانگی دەركردووە ئێمەیش بە (فق) ئیشارەمان بۆ كردووە.

٣. نوسخەی مالّی مامۆستا مەلا ڕەحیمی پەرخییە ئەم نوسخەیە لە (٣٦) لاپەڕەی قەوارە (٢١×١٧سم)ی دا نوسراوەتەوە ناشزانرێ كەی و كێ نوسیویەتییەوە بەڵام نوسخەیەكی ڕاست و بێ هەڵە بوو بەڕەمزی (پخ) ئیشارەی بۆ كراوە.

٤. نوسخەی مامۆستا شێخ محمدی قەرەداغی (خطیب) كە بەڕاستی نوسخەیەكی ڕێك و پێك و بێ هەڵەبوو سالّی ١٣٥٥ی كۆچی نوسراوەتەوە لە لایەن مامۆستا

شێخ عومەری قەراغی کە پێش نوێژو خوتبە خوێنی مزگەوتی پاشا بووە لەهەڵەبجە وەهەر ئەم نوسخەیەشمان کردووە بەبناغەی لێکۆڵینەوەکە.

٥. دوو نوسخەشمان لەئاساری بەغداد دەست کەوت ئەم دوو نوسخەیە هەرچەند زۆر جوان نوسرابونەوە بەڵام لەبەر ئەوەی شیعرەکانیان هێندە پاشو پێشو جێ گۆڕکێیان پێ کرابوو لەپەراوێزدا دەست نیشانی ئەم جێ گۆڕکێیەمان پاش گوێ خست.

شایانی باسە کە دوو شیعر لە کۆتایی هەردوو نوسخەکانا نوسرابوون لە نوسخەکانی تردا نەبوون بەڵام ئێمە بەهی نۆدێیمان نەزانین لەبەر ئەوە پاش گوێمان خستن نوسخەی یەکەمیان لەئاسار ژمارە (١٩٤٩١)ی دراوەتێ ئەحمەدی کوڕی خەلیفە مەلودی قەرەناوی سالّی (١٣٤٤)ی کۆچی نوسیویەتیەوە ئێمەش پەمزی (ن.ا)مان بۆ داناوە. نوسخەی دووەم ناوی نوسەرو سالّی نوسینەوەی لەسەر نییە ئێمەش پەمزی (ن.ب)مان بۆ داناوە. لەئاساریش ژمارەی (٨٣٥٣)ی دراوەتێ.

هیوادارین سەرکەوتوبوبین لەکارەکەمان دا.

پێشەکی دانەر

بەنامی خودای حەیی لایەموت — پەروەردگاری مولك‌و مەلەکوت

الحمد لله علی ما وهب — هدانا الی لسان العرب

صەلاّت‌و سەلام بێ حەددو حساب — بەر موحەممەد باد هەم ئال‌وئەصحاب

(وبعد بدان چنین میگویەد) — (معروف بن مصطفی بن أحمد)

(قد حفه الله بالطافة — وأبویه کأسلافه)

(درین رسالە بە کوردی زوبان — میکنم زوبان عربرابیان)

(تاکە فرزندم أحمد بێ تعب — شود دانای لغاتی عرب

لهذا ناوم نا ئەحمەدییە — والله أرجو اصلاح النیة

بدو باب کتاب میشود کمال — یەك بابی أسما یەك بابی افعال

زیری هەر ئیسمی میکنم تحریر — جمعش یەك بووەد یا دوو یا کثیر

در باب افعال میانی هەمە — فعلی ماضی را کنم ترجمە

ربي وفقني وخذ بيدي — وانفع بها طالب مبتدئ

الباب الأول في ترجمة الأسماء

(رَأْس) سەرە (عَيْن) چاوە

(بَدَن) قاڵب (إسْم) ناوە

(أنْف) لوتە (حَاجِبْ) برۆ

(فَخِذْ) ڕانە (رُكْبَة) ئەژنۆ

(جَبِينُ) و (جَبْهَة) تەوێڵە

(مَكر) و (كَيْدُ) و (حِيلَة) فێڵە

(ناصِيَة) چییە؟ پێشە سەرە

(اِبِلْ) حوشتر (حِمَار) کەرە

(بَطْن) سکە (صَدْر) سنگە[1]

(عَكُوبْ) کەنگر (نَعْنَاعْ) پونگە

---

[1] سك و سینگ دوو ئەندامی ناسراوون لەگیان لەبەرا.

(ظَهْـر) پشـته (كَتـف) شـانه

(شَـفَة) ليّـوه (سِـنْ) ددانـه

(مَـتينْ) قـاييم (مَـتْن) پشـته

(لَـبَنْ) شـيره (لَـبِنْ) خشـته[2]

(سَـاعِدْ) باسـكه (عَضُـدْ) قۆڵـه

(قَرْنَـاء) شـاخدار (جَمَّـاءْ) كۆڵـه

(شَـعْر) مـووه (قُطْـن) لۆكـه

(عَـدَسْ) نيسـكه (حِمَّـص) نۆكـه

(ظِفْـر) نينـۆك (مِسْـحَاةْ) بيّـلـه

(صَـافِي) سـافه (كَـدِرْ) ليّـلـه[3]

---

[2] (لبن) به خشتێك دەڵێن كه سور نەكرابێتەوە ئەگەر سور كرايەوە پێی دەڵێن (أجر) وەكوو لەمەدووا دێ.

[3] (ظفـر) لـەم وشـەيە (ظُفـر)يـش هـاتووە هـەردوو وشـەكە يـەك مانـا دەبەخشن.

(شَارِبْ) سمێڵ (لَحِيَةْ) ڕیشە

(جُرْحْ) بڕین (وَجَعْ) ئێشە

(باعْ) و (ذِرَاعْ) و (يَدْ) دەستە

(سَرِيعْ) چەسپان (بَطِئْ) سستە

(أَصْبُعْ) ئەنگوشت (قَدَمْ) پێیە

(ذَكَرْ) نێرە (أُنْثَى) مێیە

(مِسْحَاةْ) بێڵ ئاسن (مَاءْ) ئاوە

(كِرْبَاسْ) جاوی نەشۆراوە

(بَاعْ) میقداری هەر دوو دەستان

ڕایانکێشی، (وقوف) وەستان

(رِجْلْ) پێیە (كُوعْ) جومژگە

(ذِئْبْ) و (سِيدْ) و (سِرْحَانْ) گورگە

(أُذُنْ) گوێیە (مِرْفَقْ) ئانیشك

(دِيكْ) کەڵەشێر (دُجَاجْ) مریشك

(وَجْـه) ڕووه (كاهِـلْ) ناوشـان

(لَحـم) گۆشـته (عَظْـمْ) ئێسـقان

(إبط) بن هەنگڵ (جنب) تەنیشته

(قاع) جێگـەی نـەرمان و دەشـته

(رِيَـةْ) سـی (مِعَـاءْ) ڕیخۆڵـه

(نَجْـلُ) و (وَلَـدْ) چـییه؟ ڕۆڵـه

(صُـلْب) پشـته (مِنْكَـبْ) شـانه

(نَصْـلْ) سـەرە ڕم هـەم پەیکانـه

(نصـل) هـەم ئیسـمی شمشـێرە

(هِصْرُ) و (هَيْصَرْ)، (هَيْصَار) شـێرە

(رَكِيَّـةْ) چـییه؟ ئیسـمی بـیرە

(وَجْنَـةْ) کوڵمـه (نَبْلَـةْ) تـیرە[6]

---

[6] تیر: واتە پەیکان.


رأس
عين
أنف
عُنق
كتف
ابْط
صدر
عضد
ساعد
بطن
أُصْبُع
فخذ
ركبة
عَقَبْ
سَاق
قَدَم
كوع



جَمَلٌ	قرناء	حمار	ابل
			
دجاج	بنت	ولد	شعر
ذئب	ديك	نبلة	نصل

(عَقْبْ) پاژنه (عِرْقْ) ڕەگە

(عَصَبْ) پەیە (کَرِیش) ورگە

(حَلْقُ، حَلْقُومْ، بَلْعُومْ) گەرو

(حُوتْ) ماسییە (عَلَقْ) زەرو

(کَعْبْ) قاپە (لُثَّةْ) پوکە

(عَروسْ) زاوایە هەم بوکە

(وَکْرْ) و (عُش) ئیسمی هێلانە

(أَسَدْ) شێرە (عَرینْ) لانە

(کلیة) چییە؟ گورچیلە

(لِحْیینْ) چییە؟ دوو شەویلە

(کَفْ) لەپی دەستە (خَدْ) کوڵمە

(أَکْحَلْ) چاو ڕەشی بێ سورمە

(طَلْعَت، مُحیّا) ڕوخسارە

(نَهْر) ڕووبار (شَطْ) کەنارە

(عُنْق) ئەستۆ (عَارِضْ) ڕووە

(بَيْضَة) هێلکە (فَرْخْ) بێچووە

(ذَنَبْ) کلکە (عُرْفْ) یاڵە[8]

(جُنَاحْ) گوناە (جَنَاح) باڵە

(غُرْفَة) لۆچە (مُدْ) مستە

(ذِرَاع) گەزە (شِبْرْ) بستە

(كَبَدْ) جەرگە (طَحَالْ) سپڵە

(قَلْبْ) و (فُؤَادْ، ضَمِيرْ) دڵە

(سَمْن) ڕۆنە (شَحْمْ) پیوە

(تُرَابْ) گڵە (رَمْلْ) لێوە

(رِيقْ) و (بُصَاقْ) و (رُضَابْ) تفە

(زَبَدْ) کەرە (زَبَدْ) کەفە

---

[8] (عُرْف)یش هاتووە بەڵام هێندێ جیاوازی هەیە لە نێوان (عُرْف) و (عُرْف) دا چونکە (عُرْف) بەموی ملی وڵاخەکە دەڵێن بە تێکڕایی (عُرْف) بەو موانە دەڵێن کەلە بەینی ملو ناوشانی دا دەڕوێن.

(لِسَانْ) زوبانه (فَمْ) دەمه

(نُخَامَةْ) ئیسمی بەڵغەمه

(شَابْ) جووانه (هَرِمْ) پیره

(قَوْسْ) کەوانه (سَهْمْ) تیره

(مِخَاطْ) چڵمه (لُعَابْ) لیکه

(لُقْمَةْ) پارو (لُبْنَةْ) تیکه

(أَحْمَصْ) پاژنه (هَامَة) سەره

(إِمْشِ) بڕۆ (تَعَالْ) وەره

(ثَغْرْ) دوو دانی پێشینه

(بُعْضْ) و (ضِغْنْ) و (شِحْنَة) قینه[9]

(قِوَام) قەده (سُرَّةْ) ناوکه

(أُمْ) ئیسمی دایك (أَبْ) باوکه

---

[9] له نوسخەی (خد)دا (شحناء) نوسراوه.

		
حُوت	عروس	وَكْر، عُش
بيضة	فرخ	ذَنَب
جَنَاح	رَمْلْ	قوس
أسد	عُرْف	سَهْمْ

(کرباس) جاوه، کوێر (دورق)[10]

(جرجیس) شەمعە، بەخیل (خنبق)

(رَقَبَةْ) عەبدو هەم گەردنە[11]

(حَیَاةْ) ژینە (مَوْتْ) مردنە

(عُذَارْ) زولفە هەم (ساقْ) لاقە

(ذَقَنْ) چەناگە (فَخْ) فاقە[12]

(صَلاْةْ) نوێژە (آذَانْ) بانگە

(سَنَةْ) ساڵە (شَهْرْ) مانگە

(نَهَارْ) ڕۆژە (لَیْلْ) شەوە

(نَوْمْ) نوستن (رُؤیَا) خەوە

---

[10] (دەورق) کلاوێکە دەکرێتە سەر بەزۆری پیاوانی خواپەرست دەیکەنە سەریان بە زوبانی عەرەبی (قلنسو)ەشی پێ دەڵێن.

[11] تەنها لە نوسخەی (خط)دا هەیە. (عەبد) واتە بەندەو کۆیلە ئەو جۆرە ئینسانانەن ئازادیی تەواویان نییە کەرین و فرۆشتنیان لەسەرە لەشەریعەتی ئیسلام دا بە درێژی باسی عەبد دەکرێ.

[12] فاقە واتە داو یا تەڵە.

(نَجْمُ) و (كَوْكَبْ) ئەستێرەیە

(رَغِيفْ) چییە؟ کولێرەیە

(شَمْسْ) ڕۆژە (قَمَرْ) مانگە

(دِرْهَمْ) درم (دَانِقْ) دانکە

(أَرُزْ) برنج (شِلْبْ) چەڵتوکە

(ثَقِيلْ) گران (خَفِيفْ) سوکە

(ذُرةْ) زوڕات (شَعِيرْ) جۆیە

(سُدَا) رایەڵ (لُحْمَة) پۆیە

(حَبْ) دانە (قَمْحْ) و (حِنْطَةْ) گەنم

(صَقِيعْ) سیخوار (نَدا) شەونم

(مِرارَةْ) ئیسمی زراوە

(عَصْفِ مَأكولْ) کای خوراوە

(جَوْزْ) گوێزە (لَوْزْ) چوالەیە

(مُحْوِلْ) طیفلی یەک ساڵەیە

(بُزاق)[13] تفه (ضِرْسْ) خرێیه

(دِرْعْ) و (دِرَدْ) چـــییه؟ زرێیـــه

(أعمـــی) کـــوێره (أصـــم) کـــەڕه

(مَعْـــزْ) بزنـــه (نَعْجَـــة) مـــەڕه

(ذَهَـــبْ) زێـــڕه (فَضَّـــةَ) زیـــوه

(جَبَـلْ) کێـوه (وَادي) شـیوه[14]

(تَیْس) تەگەیە[15] (کَبَش) بەرانە

(صَعْب) ســەخت (سَـهْل) ئاســانە

(أَبْـیَضْ) ســپی (أَسْـوَدْ) ڕەشــە

(أَزْرَقْ) شـــینە (نَصـــیبْ) بەشـــە

(أَصْـفَرْ) زەردە (أَحْمَـرْ) ســوورە

(قریـــب) نزیـــك (بَعیـــدْ) دوورە

---

[13] (بصاق)یش هەر تفە.

[14] شیو: واتە دۆڵو نسێ نەك شیوی بەمانا کێشت بێ.

[15] تەگە: واتە نێری پێشی ئەڵێن نێریە قەرە.

(أحوى) ڕەشە (أخْضَر) سەوزە

(حالِكْ) ڕەشە (طُحْلَبْ) قەوزە

(شَجَرْ) درەخت (حَجَرْ) بەردە

(دَوَاءْ) دەرمان (دَاءْ) دەردە

(خُفْ) چی؟ مەسحە (مَدَاسْ) سوڵە

(عَامِرْ) ئاوا (غَامِرْ) چۆڵە

(شَاةْ) مەڕە (جَدْعْ) شەکە

(شَكْ) و (رَيْبْ) و (مِريَةْ) شکە

(نَعْلْ) و (حِذاءْ) ئیسمی کەوشە

بڵێ (بَنَفْسَجْ) وەنەوشە

(نَرْجِسْ) نێرگس (أدیمْ) چەرمە

(زَهْرَةْ) گڵوک (حَيَاءْ) شەرمە

(عَشْبْ) گیایە (حَشِيشْ) پوشە

(حَيَّةْ) مارە (فَأْرَةْ) موشە[16]

---

[16] موش: واتە مشک.

		
فَخْ	نَجْمُ، كَوْكَبْ	رَغِيفْ
		
قَمَرْ	جَوْزْ	لَوْزْ
مَعْزْ	نَعْجَة	تَيْس
شَجَرْ	ضِرْسْ	شَمْسْ

(خُـروفْ) بڵـێ بـەرخی نێـرە

(خَروفـةْ) مـێ (ضِـرْغَامْ) شـێرە

(حَمَـلْ) یـا شـەکە یـا بەرخـە

(بَیْـعْ) مامەڵـە (سِـعْرْ) نرخـە

(طَـاهِرْ) پاکـە (نَجِـسْ) پیسـە

(حَبْلْ) و (رَسَنْ) چـی؟ گوریسـە

(طَـالِحْ) خـراب (صَـالِحْ) چـاکە

(ثَرْوَتْ) دەوڵـەت (ثَـری) خاکـە

(کِبْریتْ) گـۆگردە (جَصْ) گەچـە

(قَمَلْ) ئەسپێ (بَرغُوثْ) کێچـە[18]

(مَـرْآتْ)، (سَـجَنْجَلْ) ئاوێنـە

(مِثْـلْ) و (شِـبْهْ) و (نَظِـیرْ) وێنـە

(رَبْـوَةْ) و (تَلَّـةْ) تەپۆڵکەیـە

(أَسْـطُوانَةْ) کۆڵەکەیـە

---

[18] بەڵام (قُمّلْ) تەنها بە ئەسپێی وشتر دەڵێن.

(حَرْبْ) و (وَغَى) و (هَيْجَاء) شەڕە

(يَابِسْ) وشکە (رَطْبْ) تەڕە

(ذُبَابْ)[19] مێشە (نَحْلْ) هەنگە

(أفْيُونْ) تریاکە (بَنْجْ) بەنگە

(كثِيبْ) چی؟ تەپۆڵکەی لیوە

(نُضَارْ) ئاڵتون (لُجِينْ) زیوە

(عَسْجَدْ) جەوهەر هەم زێڕە

(طِرْسْ) کاغەز (سَطْرْ) دێڕە

(أعْوَجْ) خووارە (قَوِيمْ) ڕاستە

(رَوْبْ)، (رَائِبْ)، (خَاثِرْ) ماستە

---

[19] ذباب: وشەیەکی تێکەڵاو کراو. واتە (ذبّ+آب) بۆیەش کراوە بە بەناو بۆ ئەم باڵندەیە چونکە ئەم باڵندەیە هەرکاتێ (ذبّ لاستقذاره آب لاستکباره) واتە هەرکاتێ دەربکرێ لەبەر قێزلێکردنی و پیسی ئەو دەگەڕێتەوە لەبەر خۆ بەزل زانین و لەخۆ ڕازی بوونی.

نَعْل، حِذاءْ	نَرْجِسْ	حَيَّةْ
حَبْل، رَسَنْ	قَمَلْ	مَرآتْ، سَجَنْجَلْ
نَحْلْ	عَسْجَدْ	طِرْسْ
فَأْرَة	ذُبَابْ	رَبْوَةْ، تَلَّةْ

(رَدِئٌ) خراپ (جَيِّدٌ) چاکه

(خَبِيثٌ) پیسه (نَظِيفٌ) پاکه

(أَطْرُوشٌ)[21] کەڕ (ضَرِيرٌ) کوێرە

(غَرْسانٌ) برسی (شَبْعَانٌ) تێرە

(دَهْماء، لَجَّة، يَمٌ) دەریایە[22]

(أُخْتٌ) ئیسمی خوشک (أَخٌ) برایە

(شَحِيحٌ، لَئِيمٌ، بَخِيلٌ) ڕژدە

(بَشَارَة، بُشْرى) مژدە

(فُلْكٌ)، (سَفِينَةٌ) کەشتییە

(ذَبْحٌ) و (ذَبِيحَة) کوشتییە

(سُلَّمٌ) پەیژە (سَرِيرٌ) تەختە

(جَدٌ) بزرگی (رِزْقٌ) بەختە

---

[21] (أطرش)یش هاتووە لەهێندێ نوسخەدا، هەردوکیان یەک مانا دەبەخشن.

[22] لە نوسخەی (فق)دا (بحر وماء) نوسراوە لەباتی (دهماء لجة).

(جَدْ) هەم باپیرە (جَدَةْ) نەنکە

(دَقِیقْ) ئاردە (رَقِیقْ) تەنکە

(رَمْسُ، قَبْرُ، جَدَثْ) گۆڕە

(عُقَابْ) هەڵۆ (دُرَاجْ) پۆڕە

(شَبْ) چی؟ زاخە (عَفَصْ) مازو

(أَدْهَمْ) ڕەشە (أَبْلَقْ) بازو

(لَیْثُ، حَیْدَرْ، ضَیْغَمْ) شێرە

(بَعْلْ) شەوهەر[23] (فَحْلْ) نێرە

(بَازِي) بازە (بَاشِقْ) واشە[24]

(طِحْنْ)[25] ئاردە (رَحَى) ئاشە

---

[23] شەوهەر: مێرد.

[24] واشە: بڵندەیەکی گورج و گۆڵە بەقەوارە وەکوو کۆتر وایە مریشک زۆری لێ دەترسێن.

[25] (طحین)یش هاتووە، واتە: پیتی (ی)زیاد بکرێ لەدووای (ح)وە.

(نَـزْرُ ، قليـلُ ، يَسـيرْ) كەمـە

(كَـثيرْ) زۆرە (جَميـعْ) هەمـە[26]

(بِسّـاطْ) بـەرە (لِحَـافْ) لێفـە

(فِرْصَادْ) تووە (تُفَّـاحُ) سـێفە[27]

(طـينُ ، وَحَـلْ) بلّـێ قـوڕە

(عَنْـزْ) بـزن (ضَـأْنْ) مـەڕە

(حَطَبْ) هێـزم[28] (خَشَـبْ) دارە

(عَقْرَبْ) دوپشکە (ثُعْبَـانْ) مـارە

(أَصْـلْ) گـەورە (فَـرْعْ) بچـوك

(مَلِـكْ) پاشـا جـەمعی (مُلُـوكْ)

(مِعْـوَلْ) زنگـن (مِنْجَـلْ) داسـە

(جَفْنَـةْ) کێلانـە هـەم کاسـە

---

(26) هەمە: واتە هەموو، گشت.

(27) سێف: واتە سێو.

(28) هێزم: داری سوتاندن.

(نُعَـــاسْ، سِـــنَةْ) وەنـــەوزە

(أَشْهَبْ) بەڵەك[31] (أَشْمَطْ) بۆزە

(عَتِيـــقْ) کۆنـــە (جَدِيـــدْ) تـــازە

(غَـــنْجْ، دَلَال، دَلْ) نـــــازە

(هِـــلَالْ) مـــانگی یـــەك شـــەوەیە

(حَفِيـــدْ) و (حَافِـــدْ) نەوەیـــە

(بَـــدْرْ) مـــانگی شـــەوی چـــاردە

(وِرْدْ، شَـــبِمْ) ئـــاوی ســـاردە

(حَمِـــيمْ، سَـــخِينْ) ئـــاوی گەرمـــە

(خَشِـــنْ) زبـــرە (لَـــيِّنْ) نەرمـــە

(عَمْ) ئیسمی مامە (خَـــالْ) خاڵـــە

(أَكْمَـــة) کـــوێرە (أَخْـــرَسْ) لاڵـــە

---

[31] لە زۆر نوسخەدا (اشهب) واتە سپی یان شێ بەلامانەوە هەڵەبوو.

فُلْكُ	سُلَّمْ	سَرِيرْ
		
دُرَّاجْ	فِرْصَادْ	تُفَّاحُ
عَقْرَبْ	مِنْجَلْ	مَلِكْ
		
عُقَابْ	خَشَبْ	ثُعْبَانْ

(عَمَـةْ) پـوره خوشـکی باوکـه

(خَالَـةْ) پـوره خوشـکی دایکـه

(ضَّـيْفْ) و (نَزيـلْ) چـی؟ میوانـه

(مَجْنُونْ) و (مَفْتُـونْ) دێوانـه[32]

(عَامْ) و (حَوْلْ) و (حِجَّـةْ) سـاڵه

(أُسْبُوعْ) هەفته (نَشَـبْ) ماڵـه[33]

(مِجْنَـبْ) پـەردە هـەم قەڵغانـه

(جُلْحُـزْ) بـەخیلی کـەم نانـه

(دَلْو) و (سَحَلْ) و (ذَنُوبْ) دۆڵچه

(خِنْزِيـرْ) بـەراز (دُبْ) ورچـه

---

(32) دێوانه: بەو جۆرە مرۆڤانه دەڵێن کەوێڵو سەرگەردان دەبن لەبەر گیرۆدەبونیان بە سۆزێکەوە.

(33) ماڵ لە کوردی دا دوو مانا دەبەخشێ یەکەمیان خانوو، نشینگە دووهەمیان سامانو دارایی لێرەدا مانای دووەم دەگرێ چونکە (نشب) بەعەقارو دارایی دەڵێن.

(دَعامـــة) و (سَـــارِيَةْ) ســـتون

(قَـرْنْ) شـاخه جـهمعی (قُـرونْ)

(حَلْبَـةْ) شملّـی (کمـون) زیـره

(بَصَـلْ) پیـــاز (ثَـــوْمْ) ســـیره

(عِنَـبْ) تـریّ (تـینْ) هـهنجیره

(قَیْـــدُ) و (سِلْسِـــلَة) زنجـــیره

(وَالِـــدَةْ) داك (وَالِـــدْ) بابـــه

(نَـوْمْ) و (رُقُـودْ، کَـرَی) خوابـه

(هُجُـوعْ، وَسَـنْ، رُقَـادْ) خـهوه

(صَرْعْ) فیّیه (کَابُوسْ) شـهوه[35]

(ذَنْبُ) و (إِثْمُ) و (حَـرَجْ) گونـاه

(لُؤلُـــؤْ) دورِرِه (کَـــلأْ) گیـــاه

---

[35] شـهوه: خیّـو، گیـان لهبـهریّکی هـونو نـهبووه بـیرو رای پـرِو پـوچ دروستی کردووه.

(حُجَّةْ، بُرهَانْ، سُلْطَانْ) دەلیل[36]

(مَلِكْ) پادشاه (صَاغِرْ) زەلیل[37]

(وَتَـرْ) تاقـه (شَـفْعْ) جوتـه

(جَوْعَانْ) برسـی (عُریـان) ڕوتـه

(عَـارِي) ڕوتـه (كِسْـوَةْ) بەرگـه

(كَاسِي) پۆشـته (مَنُـونْ) مەرگـه

(مِصْـرُ، مَدِينَـةْ، كُـورَةْ) شـاره

(مَسْجِدْ) مزگەوت (سُوقْ) بـازاڕه

(فُـولْ، بَـاقِلاء، لُوبِيَـا)

پاقلەیـه. (خَضَـرْ) حـەیا

(جَسَـدْ) هـەم (جُثْمَـانْ) بەدەنـه

(شَـعُوبْ، مَنِيَـةْ) مردنـه

---

[36] دەلیل: واتە بەڵگە بۆ چەسپاندنی شتێك.

[37] زەلیل: بێچارەو بێ نەوا.

دَلْو، سَحَلْ، ذَنُوبْ	خِنْزِيرْ	دُبْ
		
ثَوْمْ	عِنَبْ	لُؤْلُؤْ
بَصَلْ	قَيْد، سِلْسِلَة	مَلِك

(دُخَانْ) دوکەڵ (ضَبَابْ) تەمە

(شَرَرْ) پریشک (کِیرْ) دەمە[39]

(صُوفْ) خوریە (وَبَرْ) کورکە[40]

(صَدَأْ) ژەنگە (دَرَنْ) چڵکە

(کُورْ) کورەیە (نَارْ) ئاگرە

(قَیْنُ ،حَدادْ) ئاسنگەرە

(أَحْوَلْ) خیلە (أَبْکَمْ) لاڵە

(طِفْلُ ،صَبِي) چی؟ منداڵە

(فَجُ، طَرِیقُ، سَبِیلْ) ڕێیە

(بَلَدْ) شارە (قَرْیَة) دێیە

---

[39] کیر: بەو مەشکەو کەرەسەو شتومەکە دەڵێن کە ئاسنگەر کۆرەکەی پێ دەدەمێنێ، واتە: موشەدەمە.

[40] کورک: واتە کوڵک، هەروەکوو بەتوکی حوشتریش دەڵێن هەروەها ئافرەت کە خوریو موو مەڕ بەشە دەکا لەبن دانی شەیەکەدا هێندێ بنکڕ دەمێنێتەوە بەوەش دەڵێن کورک.

(دَرْبْ ، لَقْمْ ، صِرَاطْ) ڕێگە

(مَكَانْ ، مَقَامْ ، مَحَلْ) جێگە

(ضَبْعْ ، حَضَاجِرْ) کەمتیارە

(لَجَّة) دەریا (سَاحِلْ) کەنارە

(وَرَقْ) گەلا (تِبْنْ) کایە

(رَايِحَةْ) بۆیە[41] (رِيحْ) بایە

(رِيحْ) هەم بوبە (وَرْدَةْ) گوڵە

(بَالْ) ئیسمی حاڵە هەم دڵە

(شَذَا) بۆی خۆش هەم (أَرَجْ)

(مُهْجَةْ) ڕۆحە جەمعی (مَهَجْ)

(شَلْجَمْ) شێلم (فِجْلْ) تورە

(دَانِي) نزیك (نَائِي) دورە

---

[41] بۆیە: واتە بۆنە.

(عَرْفٌ) و (نَشْر) هەم بوی خۆشە

(ثَمَرٌ) میوە (عُنْقُودٌ) هۆشە[42]

(عَسَلٌ) هەنگوین (شَمْعٌ) مێوە[43]

(مَنٌ) گەزۆیە (كَرْمٌ) مێوە[44]

(حُلْوٌ) شیرینە (مُرٌ) تاڵە

(هِجَنٌ، جُنَّةٌ) مەتاڵە[45]

(دَارٌ) خانووە (سَقْفٌ) بانە

(سَطْحٌ) سەربانە (مِشْطٌ) شانە

(جِدَارٌ) دیوار (بَيْتٌ) ماڵە

(أَسَلٌ) ڕمە (تُرْسٌ) مەتاڵە

---

[42] هۆشە: واتە هێشووە میوە.

[43] مێو شتێکە لە خڵتەو پاشماوەی هەنگوین پەیدا دەبێ.

[44] مێو: لێرەدا بەداری تڕێ دەگوترێ.

[45] مەتاڵ: قەلغان، سوپەر.

(نُحَاسْ) مسه (رَصَاصْ) مەژە[46]

(شَـــارِقْ) ڕۆژە (سَـــارِقْ) دزە

(هُنَـــا) لێـــرە (ثَـــمَّ) لـــەوێ

(مَـــاذَا تُرِيـــدُ) چـــیت دەوێ؟

(نَـــوْرَةْ) قســـڵە (تُـــرَابْ) گڵـــە

(لَغَـــزْ) و (مُعَمَّـــا) مەتەڵـــە

(شَـجْوْ، شَـجَنْ، اَسَـفْ) حوزنـە

(ضَـــأْنْ) مـــەڕە (مَـــاعِزْ) بزنـــە

(رُمْـــحْ) (قَنَـــاةْ) بڵـــێ ڕمـــە

(تَثْرِيـــبْ) لۆمـــە (هَجْـــوْ) زەمـــە

(غَدِيرْ) گۆڵاو (بِرْكَـة) برکـە[47]

(صَـهْبَاءْ) شـەڕابە (خَـلْ) سـرکە

---

[46] مەژە: قورقوشم.

(47) برکە: واتە بڕکەی دێراو ئەو گڵەیە کە لەماکاوە کەوە دائەنرێ بۆ ئەوەی ئاوەکە بچێتە دێراوەکەوە. هەرکاتێ دێراوەکە پڕبو لەئاو گڵەکە ئەگوێزنەوە بۆ دەمی دێراوەکە بۆ ئەوەی ئاوەکە بچێتە دێراوێکی ترەوە.

(خَمْـــرْ) و (مُدامَـــةْ) شـــەڕابە

(يَتـــيمْ) منـــداڵی بـــێ بابـــە

(فَـارِغْ) خـاڵی (مَشْـحُونْ) پـڕە

(سَـلِيلَةْ) کـــچ (سَـلِيلْ) کـــوڕە

(جِلْـدُ، مَسْـكْ) بـــەڵی پۆســتە

(عَـدوّ) دوژمـن (صَـدِيقْ) دۆسـتە

(وَاحِـدْ) یەکـــە (اِثْنَـــيْنْ) دووە

(حَيّ) زیندووە (مَيْتْ) مـردووە

(ثَلاثَـةْ) ســی (اَرْبَعَـةَ) چـووارە

(مَائَـةَ) ســەدە (اَلْـف) هـــەزارە

(خَمْسَـةْ) پێنجـە (سِتَّة) شەشـە

(سَـهْمْ، خَـلاقْ، نَصِـيبْ) بەشـە

(سَبْعَة) حەوتە (آجَـرْ) خشـتە[48]

(ثَمانِيَـــة) بـــەڵێ هەشـــتە

---

[48] (آجَرْ): خشتی سورەوە کراو بەڵام کەسور نەکرایەوە پێی دەڵێن (لَبِنْ).

(تِسْعَةَ) نۆیه (عَشَرَةَ) ده

(خَيْرْ) چاکه (شِرّيرْ) بەده

(عِشْرونَ، عِشْرينَ) بیسته

(آلانَ) و (آنفاً) ئێستە

(ثَلاثُونَ) و (ثَلاثينَ) سی یه

(كَشْمِشْ) کشمیشه (مِشمِشْ) قەیسیه

(أَربَعُونَ) و (أَربَعينَ) چله

(كُمَيتُ) و (هُزَارْ) ئیسمی بولبولە

(خَمْسونَ) و (خَمسينَ) پەنجایه

(يَنْبُوع) چەشمه (مَوْضِعْ) جایه[48]

(سِتُونَ) و (سِتينَ) شەستە

(صَاحی) هوشیار (سَكْران) مەستە

---

[48] جایه: جێگه.

فُولْ، بَاقِلاء، لُوبيَا	نَارْ	وَرَقْ
		
شَلْجَمْ	فِجْلْ	دَارْ
ظَبْي، غَزَالْ، رِيمْ	خَسْ	كُوبْ
وَرْدَةْ	مِشْطْ	بَقْ، بَعُوضَة

(سبعون) و (سبعينَ) هەفتاد

(وَتَدْ) میخە جەمعی (أَوْتَادْ)

(ثَمَانُون) و (ثَمَانينَ) هەشتاد

(تِلْميذ) شاگردە (أُسْتَاذْ) ئوستاد

(تِسْعُونَ) و (تِسْعينَ) نەوەد

(عَوَجْ ، أُوَدْ) کەچی بووەد[50]

(تِبْرْ) شوشەی زێڕو زیوە

(عَلَمْ) بەیداخەهەم کێوە

(نَوْحُ) و (نِياحْ) گریەو زاریی

(تُحْفَةَ) و (هَدِيَةَ) دیاریی

(ظَبْي ، غَزَالْ ، رِيمْ) ئاهو[51]

(جَمَدْ) سەهۆڵ (خَسْ) کاهو

---

[50] کەچی: خوارو خێچ.

[51] ئاهو: ئاسك.

(قَطيعْ) میگـەل (رَاعِـي) شـوانه

(اِدامْ) پێخور (خَوَانْ) خوانـه[52]

(بُكـاءْ) گریانـه (لَـوْحْ) تەختـه

(نَحْبْ) و (نَحيبْ) گریەی سەختە

(كُوبْ) گۆزەی بێ دەستو لولـه

(بَـقْ) و (بَعُوضَـة) مێشـوله

(جَواليـقْ) ئیسـمی جەوالّـه

(تُـرْسْ) و (دَرَقَـة) مەتالّـه

(قَصْـوَرَةْ، حَيْـدَرَةْ) دێلّـه شـێرە

(حَرْبَة) زەرگـه (سَيْفْ) شمشـێرە

(حُسَـامْ) شمشـێری برِنـده

(شَنءْ) كوندەیە (بُومَة) كونـده[53]

---

[52] خوان: سفرە.

[53] كوند - كونده پەپو - بوم: باڵداڕێكی ناسراوە

(حَرّ) گەرمایە (قَرّ) سەرمایە

(نَخْلْ) و (نَخیلْ) دارخورمایە

(عَضْبْ) و (قَضیبْ، بَاتِرْ، جَرازْ)

شێری بڕان (صَدا) ئاواز

(عَمیقْ) قوڵە (عَریض) پانە

(جیدْ) گەردنە (عاتِقْ) شانە

(حِصْن، أطُم) چییە؟ قەڵات[54]

(بُطْمْ) قەزوان (خَلْعَةْ) خەڵات

(وِعَاءْ، اِعَاءْ، جِرَابْ) زەرفە

(رِبْحْ) و (رَبْحْ، رَبَاحْ) سەرفە

(غَبْنْ) بەڵێ تێشکانە

(مِزْوَدْ، جْرَابْ) توێشودانە[55]

---

[54] قەڵات شوێنێکی سەخت و قایمە مرنشین و دارو دەستەکەی خۆیانی تێدا حەشار دەدەن.

(غَضَنْفَرْ، أُسَامَةْ) شێرە

(شُجَاعْ) و (بَاسِل، بَطَلْ) دلێرە

(جَبَانْ) شەخسی ترسنۆکە

(شَهْد) هەنگوین (دِبْسْ) شۆکە

(سَنْوتْ)[56] زێرە هەم هەنگوینە

(غَیْظْ) و (حِقدْ) و (اِحْنَة) قینە

(عَرْمُوطْ) و (كُمَّثْرى) هەرمێ

(فَرَسْ) ئەسپە ج نێر ج مێ

(قَصَبْ، يَرَاعَة) قامیشە

(صَنْعَة، ضَيْعَةْ، حِرْفَةْ) پیشە

---

(55) تۆپشودان: واتە هەمبانە تۆپشو بەو خووارەمەنیە دەگوترێ کە هەڵئەگیرێ لەسەفەردا پەندی پێشینان دەڵێ تۆپشو چە لە سکو چە لە پشت.

(56) (سێوت):یش هاتووە.

(سَغْلاةْ، غُولْ) بەڵێ حولە[57]

(حَبْل) و (حَمْلُ) (جنينْ) ڕۆڵە

(حِمْلْ) بارە (عِدْلْ) تابار

(حَبْرْ) عالم (رَئيسْ) سەردار

(طرفاء) گەزە (غَرَب) پەڵکە[58]

(خِلاف) بییە (وَسَخ) چڵکە

(فطين) و (زكي) زیرەکە

(عمود) و (عماد) دیرەکە[59]

(غَبيْ) و (بليد) کەودەنە[59]

(ابصار، رؤية) دیدەنە

---

[57] حۆل: واتە دێو، خێو، گیان لەبەرێکی بێ دەنگو ڕەنگە بیرو ڕای پڕو پوچ دروستی کردووە ئەگینا نییە.

[58] گەز: شێوە دارێکە لەقەراخ چەمو ڕوبار دەڕوێ وەکوو سنەوبەر وایە، پەلك واتە سورە چنار.

[59] بەو دارە دەڵێن دیرەك کە بەر هەڵاشی دەدەن بۆ خاتری نەنەوێ یان نەڕمبێ

[59] کەودەن: واتە، زەین کوێرو نازیرەك.

(ظَنْ) گومانه (فِكر) ئەندێشه

(أجمة ،أُجُمْ ،غابة) بێشه

(بَرَدْ) تەرزه (ثَلْجْ) بەفره

(مَائِدَةُ) و (سَفْرَةْ) سفره

(ضَاعْ) ڕەبەبه (قَفِيزْ) کەوه[60]

(غَمْضْ) و (مَنَامْ ،سُبَاةْ) خەوه[61]

(بُرْدْ) هەم خەوه هەم سەرمایه

(صِدْقْ) هێشوی دار خورمایه

(وَاسِعْ) گوشاد (ضَيِّقْ) تەنگه

(سِلْمْ) ئاشتی (قِتَالْ) جەنگه

(نَعَمْ) بۆ چوار حەیوان ناوه

بە بزنو مەڕو وشترو گاوه

---

